# سێ هۆکاری کشانەوەی کۆمپانیا گەورەکانی نەوت لە عێراق

10-07-2021

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** کشانەوەی کۆمپانیا گەورەکانی نەوت لە عێراق شتێکی نوێ نییە، بەڵام کشانەوەی کۆمپانیاکانی ئیکسۆن مۆبیل، لوک ئۆیڵ و بی پی لەماوەی کەمتر لە سێ مانگی رابردوودا، دەستپێکی قۆناخێکی نوێی پیشەسازی بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی نەوتی عێراقە.

RRC | مەحموود بابان|

کشانەوەی کۆمپانیا گەورەکانی نەوت لە عێراق شتێکی نوێ نییە، بەڵام کشانەوەی کۆمپانیاکانی ئیکسۆن مۆبیل، لوک ئۆیڵ و بی پی لەماوەی کەمتر لە سێ مانگی رابردوودا، دەستپێکی قۆناخێکی نوێی پیشەسازی بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی نەوتی عێراقە.

لە چەند رۆژی رابردوودا ئیحسان عەبدولجەبار، وەزیری نەوتی عێراق لە تۆمارێکی ڤیدیۆیدا رایگەیاند هەر یەکە لە کۆمپانیای بی پی بەریتانی و لوک ئۆیڵ پلانی جیهشتن و فرۆشتنی پشکەکانیان لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق رادەست کردووە. وەزیری نەوت گوتوویەتی"رووبەڕووی کشانەوەی گەورەی کۆمپانیاکانی نەوت بووینەتەوە، کە داوای گرێبەستی ناسەرنجڕاکێش دەکەن."

کۆمپانیا گەورەکانی جیهان لە کێڵگە گەورەکانی نەوتی عێراقدا کار دەکەن، کە چۆنیەتی پڕکردنەوەیان و بەردەوامیدان بە ئیدارەدانی کێڵگە نەوتییەکان بەتایبەتیش لە رووی تەکنیکییەوە بۆ عێراق زەحمەت دەبێت، چونکە پێویستی بەشارەزایی نێودەوڵەتی بۆ بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکان و پەرەپێدان هەیە.

عێراق دووەم گەورەترین وەبەرهێنەری نەوتی نێو وڵاتانی ئۆپێکە بە قەبارەی 145 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەکی سەلمێنراو و پێنجەمین وڵاتە لەسەر ئاستی جیهان، کە خاوەنی 17%ی نەوتی یەدەکی سەلمێنراوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و 8%ی نەوتی یەدەکی سەلمێنراوی جیهانە[1].

بە تەنیا لەماوەی نێوان ساڵانی 2010 بۆ 2017دا، کۆمپانیا گەورەکانی بواری نەوت توانیویانە لە باشووری عێراق توانای بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق، رۆژانە بەنزیکەیی لەنێوان 1.7 بۆ 1.8 ملیۆن بەرمیل بەرزبکەنەوە[2].

سەرەتای فرۆشتنی پشکەکانیان و کشانەوەی کۆمپانیا گەورەکانی بواری نەوت بۆ بەهاری 2018دەگەڕێتەوە. کاتێک کۆمپانیای شێڵ پشکەکانی خۆی لە کێڵگەی نەوتی رۆژئاوای قوڕنە-1 بە 406 ملیۆن دۆلار فرۆشت[3]. بەدوای کۆمپانیای شێڵدا، کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیلی ئەمریکی بڕیاری فرۆشتنی پشکی خۆی لە کێڵگەی رۆژهەڵاتی قوڕنە-1 دا. کۆمپانیای بی پی بەڵیندەری سەرەکیی کێڵگەی نەوتی رۆمیلە، کە خاوەندارێتی 38%ی دەکات، لە مانگی نیسان ئەمساڵەوە گفتوگۆ لەسەر کشانەوەی دەکات و لە رۆژانی رابردووشدا بەرەسمی یاداشتی کشانەوەی رادەستی وەزارەتی نەوتی عێراق کردووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، کشانەوەی کۆمپانیا نەوتییەکان لە عێراق لە گەورەترین و باشترین کێڵگە نەوتییەکانی عێراق و ناوچەکە و جیهان، بۆ نموونە کێڵگەی نەوتی رۆمیلە گەورەترین کێڵگەی بەرهەمهێنەری نەوتی عێراق بە توانای 1.5ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانە، کە توانای بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی بۆ 5 ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانە هەیە و خاوەنی 17 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەکە.

کێڵگەی نەوتی رۆژئاوای قورنە -1 بەهاوبەشی هەریەکە لە کۆمپانیای ئیکسۆن بەرێژەی 32.7% و CNPC بە 32.7% و ئیتۆچۆ بە 19.6% و پیرتامینا بە رێژەی 10% و کۆمپانیای گەڕانی نەوتی دەوڵەتی عێراق بەرێژەی 5% خاوەندارێتی دەکەن.

کشانەوەی کۆمپانیا گەورەکان و فرۆشتنەوەی پشکەکانیان زۆربەی جار لە لایەن کۆمپانیا چینییەکان یاخود کۆمپانیا خۆماڵییەکانی سەر بە وەزارەتی نەوتی عێراق دەکڕدرێتەوە، هەر بۆیەش پێشتر وەزیری نەوتی عێراق رایگەیاندبوو"عێراق لە گفتوگۆدایە لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی وزەی ئەمریکا بۆ کڕینەوەی پشکەکانی ئیکسۆن مۆبیل و هاوبەشەکانی دیکەدا لە کێڵگەی نەوتی رۆژئاوای قوڕنە -1، کە کۆمپانیای پیترۆ چین خاوەندارێتی 32.7% و، کۆمپانیای ژاپۆنی ITOCHU 19.6% و کۆمپانیای پارتامینا ئەندەنوزیی 10% و کۆمپانیای گەڕانی نەوتی عێراق 5% یان هەیە.

**هۆکارەکانی کشانەوە**

چەندین هۆکار لە پشت کشانەوەی کۆمپانیا گەورەکانی نەوت لە عێراقەوە هەیە وەکو پابەندبوونیان بە رێکەوتنە جیهانییەکانی کەمکردنەوەی دەردانی دووانە ئۆکسیدی کاربۆن و دوورکەوتنە لە وزە باوەکان و رۆشتن و وەبەرهێنان لە وزە بەردەوامەکان. هەروەها گوشاری هاوبەشەکانیان و چالاکڤانانی بواری کەشوهەوا و ژینگە لەبارەی کارەکانیان. لەگەڵ ئەمانەشدا بێزاربوون لە بەردەوامیی گفتوگۆکان لەسەر شێواز و دابەشبوونی بەرژەوەندییەکان لە گرێبەستەکاندا. لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە مەترسیە ئەمنییەکان و هەڕەشە ئەمنییەکان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان هەیە.

**یەکەم: سفر دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن**

مانگی ئایاری ئەمساڵ، ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە ( IEA) راپۆرتێکی لەبارەی نەخشەرێگای جیهان بۆ سفر دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن لە 2050 بڵاوکردووەوە. بەپێی راپۆرتەکە"لەمڕۆوە هیچ وەبەرهێنانێک لە پرۆژەکانی دابینکردنی سووتەمەنی و گەڕان و بەرهەمهێنانی نەوت و گاز پێویست ناکات بۆ گەیشتن بە سفر دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن لە 2050"[4]. بەپێی راپۆرتێکی دیکەی فاینانشیاڵ تایمزی بەریتانی "کۆمپانیا گەورەکانی بواری نەوت بە بەهای 140 ملیار دۆلار سەرمایەکانیان (asset) دەفرۆشن، بەهۆی فشاری وەبەرهێنەران و چالاکڤانانی بواری گۆرانکارییەکانی کەشوهەوا بۆ پابەندبوونیان بە سفر دەردانی دووانە ئۆکسیدی کاربۆن"[5].

بە گوتەی برایان گیلڤاری، بەڕێوەبەری ئینۆس ئینرجی " زۆربەی کۆمپانیاکانی بواری وزە هەوڵدەدەن کارەکانیان لە نەوتەوە بۆ گاز و بۆ کەمتر بەکارهێنانی کاربۆن بگوازنەوە و لەوچوارچێوەشدا ئێستا هەوڵی گواستنەوەی سەرمایەکانیان دەدەن."

بە گوتەی راوێژکارێکی وزەی کۆمپانیای وود ماکینز هەر یەکە لە کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل و شیڤرۆنی ئەمریکی و بی پی بەریتانی لەگەڵ رۆیاڵ دۆچ شێل، تۆتاڵ و ئینی لە ئەورووپا لەساڵی 2018 بە بەهای 28 ملیار دۆلار سەرمایەکانیان فرۆشتووەتەوە و ئێستا پلانیان بۆ فرۆشتنەوەی زیاتر لە 30 ملیار دۆلار سەرمایەکەنیان لە چەند ساڵی داهاتوو داناوە.

لێرەشەوە یەکێک لە هۆکارەکانی پشت فرۆشتنەوەی پشکەکانیان و کشانەوەیان لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق روون دەبێتەوە، چونکە جیهان هەنگاو بەرەوە وزەیەکی پاک و بەردەوام دەنێت و لە چەند دەیەی داهاتوودا کەمتر پشت بە نەوت دەبەستێت. هەربۆیەش شەش کۆمپانیا گەورەکانی بواری نەوت بەهۆی گۆرانکاری لە سیاسەتی کۆمپانیاکان و پابەندبوونیان بە بەدەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن و سیناریۆی جیهان بۆ بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی نەوت لە داهاتوودا وەبەرهێنانەکانیان لە وزە بەردەوامەکان دەستپێکردووە و ملیارەها دۆلاریان بۆ دابینکردووە بۆ نموونە کۆمپانیای بی پی بە بەهای 8 بۆ 10 ملیار دۆلار وەبەرهێنانی لە وزە بەردەوامەکان دەستپێکردووە[6].

**دووەم: گرێبەستە نەوتییەکان**

یەکێک لە ناکۆکییە سەرەکییەکان بەهۆی بڕگە و مەرجی جیاوازی نێو گرێبەستە نەوتییەکان بووە، کە کۆمپانیاکان بۆ بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت بڕێکی پارەی دیاریکراو وەردەگرن. کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت لەمێژە بەهۆی پابەندنەبوونی عێراق بە مەرجەکانی ناو گرێبەستەکانەوە بێزاربوون، ئەویش بەهۆی کەمی رێژەی گەڕانەوەی داهاتی کۆمپانیاکان و دواکەوتنی درێژخایەنی پێداچوونەوە و هەمواركردنەوەی گرێبەستەکان، کە بووە هۆی کشانەوەیان، چونکە جۆری گرێبەستەکان، کە گرێبەستی خزمەتگوزاری (کۆمپانیاکان خزمەتگوزاری پێشکێشدەکەن و لەبەرامبەردا بڕێک پارەی دیاریکراو وەردەگرن)، لەم شێوازەدا کۆمپانیاکان تەنیا وەکو کۆمپانیایەکی دابینکردنی خزمەتگوزاری بەشداریی دەکات و نابێتە هاوبەش لە کێڵگە نەوتییەکاندا. هەربۆیەش وەزیری نەوتی عێراق رایگەیاندووە  کۆمپانیا نەوتییەکان داوای گرێبەستی ناسەرنجڕاکێش دەکەن بۆ بەردەوامیدان و کارکردن لە کێڵگە نەوتییەکاندا.

لەلایەکی دیکەوە زۆربەی بۆچوونەکان مشتوومڕیان لەسەر مەرجە داراییەکانی نێو گرێبەستی خزمەتگوزاری درێژخایەنLTSC  بەتایبەت لە گرێبەستی کێڵگەی نەوتی رۆژئاوای قورنە-1  لە دوو رووی جیاوازەوە، یەکەمیان دەسەڵاتی کۆتایی دەداتە کۆمپانیاکە بۆ بڕیاردان لە وەبەرهێناندا و دووەمیان چۆنیەتی کۆکردنەوەی داهات (رێژەی ناوخۆیی داهات IRR)، کە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی گرێبەستی نەوتیدا (بەتایبەتیش گرێبەستی هاوبەشیکردن لە بەرهەمهێناندا، PSCs) کە حکومەت رێژەی گەڕانەوەی داهاتی لە LTSC زیاترە وەکو لە PSCs ئەمەش قازانجێکی گەورەی بە عێراق گەیاندووە و لەگەڵ ماددەی 112، بڕگەی دووەمی دەستووری عێراق دەگونجێت، کە هاتووە " پەرەپێدانی سامانەکانی نەوت و گاز بەشێوەیەک کە بەرزترین سوود بۆ گەلی عێراق بەدەستبهێنێت[7].

**سێیەم: گۆڕانکارییە سیاسی و ئەمنییەکان**

کاتێک ئیدارەی ئەمریکا لەساڵی 2003دا بڕیاری رووخاندنی رژێمی بەعسی دا، دەنگۆی جیاواز لەبارەی بەرژەوەندی ئەمریکا لە قازانجی نەوتی عێراق بڵاوکرایەوە، لەو کاتەدا و تاوەکو ئێستاش کۆمپانیا ئەمریکییەکان خزمەتگوزاری بواری نەوت پێشکێشی عێراق دەکەن و وەبەرهێنانیان بەرووی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی دیکەدا کردەوە، بەڵام دوای نزیکەی دوو دەیە خەرێکە کشانەوەیەکی تەواوەتی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا لە عێراق دەبێتە راستی  و وازیان لە خەونی کارکردن لە عێراق هێنابێت، لە بەرامبەردا کۆمپانیا چینییەکان بەردەوامن لە کڕینەوەی پشکی کۆمپانیاکانی دیکە و بەتایبەتیش لە  ئەمریکی و ئەورووپاییەکان.

لەراستیدا، کشانەوە و جێهشتنی کۆمپانیا ئەمریکی و ئەورووپییەکان لە لایەک و هاتن و زیادبوونی هەژموونی کۆمپانیا چینییەکان  لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق هەرچییەک بێت بەشێک لەو راستییە ناشارێتەوە، کە پەیوەندی بە گۆڕانکاری جیوپۆلتێک و جیوئابووری

زلهێزەکانی جیهانەوە لەم ناوچەیە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە.




**ئەنجام**

لە کۆتاییدا سەرەڕای هەموو ئەو تەحەدیانە و ئاڵینگارییانەی ئێستا رووبەڕووی عێراق و بەتایبەتیش سێکتەری نەوت بووەتەوە، بەڵام یەدەکی گەورەی نەوتی عێراق و هەرزانی بەرهەمهێنانی نەوتی بەردەوام سەرنجی کۆمپانیاکان نەک دوورناخاتەوە، بەڵکو رایدەکیشێت!. هەر بۆ نموونەش لە مانگی ئادار ئەمساڵدا بە بەهای 7 ملیار دۆلار عێراق گرێبەستی چوار پرۆژەی نەوت و گاز و کارەبا لەگەڵ کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی واژووکرد[8] و کۆمپانیای شیڤرۆن ئەمریکی چاوی لە وەرگرتنی سەرچاوەیەکی باشی وەبەرهێنان لە عێراق.

جگە لەو سێ هۆکارە سەرەکییەی لەسەرەوە باسکرا، کشانەوەی کۆمپانیا گەورەکانی نەوت لە عێراق، وەکو ئیحسان عەبدولجەبار دەڵێت " ژینگە و دۆخی ئێستای عێراق نەگونجاوە بۆ هێشتنەوەی وەبەرهێنەری گەورە، چونکە هەموو وەبەرهێنەرە گەورەکان بەدوای بازاڕی دیکە و هاوبەشی دیکەدا دەگەڕێن، ژینگەی وەبەرهێنانی عێراق بۆ هاوبەشانی سەرەکی نەگونجاوە"[9].

لە کەیسی کشانەوەی کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل لە عێراق بەروونی هەر سێ هۆکارەکە دەردەکەوێت، چونکە ئەو سێ هۆکارەی سەرەوەیە وایکردووە لە ئیکسۆن مۆبیل بکشێتەوە لە عێراق، یەکەمیان وادەردەکەوێت کۆمپانیا ئەمریکییەکە باوەڕی بە گرێبەستی خزمەتگوزاری درێژخایەن نەماوە، کە عێراق دابینی کردووە و ئەو قازانجەی وەریدەگرێت شایەنی نییە، کە زۆرجاریش دووبارەبوونەوەی پێدانی پارە و بێتوانایی لە دووبارە هەمەوارکردنەوەی گرێبەستەکان بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی ئێستا لە ئارادایە لەسەر ناوخۆی عێراق و جیهان بۆ وزە وەکو وەبەرهێنان لە وزە بەردەوامەکاندا، دووەمیان پەیوەندی بە هاتنی ئیکسۆن مۆبیل بۆ هەرێمی کوردستان، کە وایکردووە لە لایەن حکومەتی عێراق بخرێتە لیستی رەشەوە و بێبەشی بکات لە موزایەدەکردن و وەرگتنی پرۆژەی گەورەی نوێ بەتایبەتیش پرۆژە نوێیەکانی بواری وزە بەردەوامەکان، سێیەمیشیان لەرووی سیاسی و ئەمنییەوە لە ئەگەری بە ئامانج گرتنی کارمەندەکانیان لە لایەن گرووپ و میلیشیا جیاوازەکانەوە وایکردووە لە پاراستنی سەلامەتی و ئەمنیەتی کارمەندەکانیان دڵنیا نەبن.

لە کۆتاییدا کشانەوەی ئیکسۆن مۆبیل، شێل و لوک ئۆیڵ بۆ عێراق گۆڕانکاریی ستراتیژییەتی پەرەپێدان و کارکردنی کۆمپانیاکەیان لە بواری وزەدا بگەڕێتەوە ، بەڵام لەراستیدا کشانەوەی کۆمپانیا بەریتانییەکە لە عێراق مانایەکەی دیکەی هەیە، چونکە بی پی لە عێراق مێژوویەکی 100 ساڵەی هەیە و یەکەم گەورە کۆمپانیای بواری نەوتە لە دوای رووخانی رژێمی بەعسەوە و لەساڵی 2009 لە سێکتەری نەوتی عێراقدا کاریکردبێت.

https://www.eia.gov/international/analysis/country/IRQ [1]

[2]
https://www.oxfordenergy.org/wpcms/wp-content/uploads/2018/10/Iraqi-Oil-industry-evolution-and-short-and-medium-term-prospects-WPM-79.pdf

https://www.shell.com/media/news-and-media-releases/2018/shell-to-sell-its-stake.html [3]

[4]
https://www.iea.org/news/pathway-to-critical-and-formidable-goal-of-net-zero-emissions-by-2050-is-narrow-but-brings-huge-benefits

https://www.ft.com/content/4dee7080-3a1b-479f-a50c-c3641c82c142 [5]

/https://www.nsenergybusiness.com/features/oil-companies-renewable-energy [6]

http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/images/pdfs/Iraqi_Constitution.pdf [7]

https://www.energyintel.com/pages/login.aspx?fid=art&DocId=1101755 [8]

https://www.bloomberg.com/news/articles/2021-07-03/iraq-oil-minister-says-lukoil-considers-selling-stake-in-field [9]